# کوڕی بەفر

هاژە بەرزنجی

کوڕێکم دەناسی
جوانتر لە جوانی و
شیرینتر لە شیلەی گوڵی دالیا
(ئەو)
لە قووڵاییەکانی تەمومژەوە هاتبوو
بەسەربالّی کزەباوە
هەوراز و نشێوەکانی
هەموو سەردەمەکانی بڕیبوو!
فریشتەی سپی شیعر
(ئەو) دەناسیَ!
ئەو کوڕە لە جنسی بەفربوو
ڕەچەڵەکی دەچووەوە
سەر باران و هەورەبرووسکە
ئەو کوڕە..
لە زەردەی خۆرئاوابوونی
ئێوارەیەکی درەنگدا
ئێوارەیەکی ئاوێتە،
بە نەرمە تیشک و بێدەنگی
بە شەکەتیی بە منی گەیاند
هەر لەیەکەم درەوشانەوەیدا
عاشقی کردم بەخۆی و
ئالوودەی بووم
ئالوودەی ئەو تێڕوانینانەی بووم
کە سەرجەم چیرۆک و بەسەرهاتەکانی
ژیانی ڕابوردووی،
لەخۆیدا هەڵگرتبوو
نێوانی ئێستا و داهاتووشی
بەیەکەوە گرێدابوو
بەشێوەیەک عاشقی بووم



دەنک.. دەنک
لە تەسبێحە بەنرخەکانی کات و
یەک.. یەک..
لە گۆشە ڕووناکەکانی خەیاڵ و
هەموو خەونە ڕەنگینەکانی.
شەوانی خۆم کرد بە ملوانکەیەک و
بە گەردنی زەردیم بەخشی!
بەڕادەیەک خۆشم ویست
نەمدەزانی
(ئەو) بەر لەژیان لەدایک بووە
یان ژیان!
هێز و جووڵەی
لە ڕۆحی (ئەو) وەرگرتووە
زۆر دەترسام
ڕۆژێک گڕی ئەم عیشقەی من
بیکا بە هەڵم و لێم ون بێ!
ئەو ..
لەناو بەفرا سپی دەچووەوە
سەرما کەسیرەی کردبوو
هەڵدەلەرزی!
هەر بۆیە منیش ..
کالاَیەکم
لە تەمەنی خۆم دادڕی و
لەبەریم کرد!
(ملپێچێک)م
لەڕۆحی خۆم چنی و لەملیم کرد
ئەو ملپێچەی.
ئێستاش بۆنی پێوە دەکەم و
ڕۆژانە دەیان جار
دەیدەمە بەر ڕێژنەی ماچ و
لە ماچە پەمەییەکانیا دەتوێمەوە!
بەڵام ڕۆژێک بێ ویستی خۆم
لێوی ئاگرینم
بەر لێوی (ئەو) کەوت!
لەگەڵ یەکەم بەرکەوتندا
(کوڕی بەفر)
لەبەینی لچولێوە گەرمەکانما توایەوە و
هەرچی خەونی منیش هەبوو
لەگەڵیدا بوو بەهەڵم
لەو ڕۆژەوە
هەردووکمان لەخۆمان ونین
(ئەو) لە نێو..
جەنگەڵە چڕەکانی ڕۆحی مندا
سەرگەردانەو بۆخۆی دەگەڕێ!
منیش لەنێو تەمومژی دڵی ئەودا
وێڵم بەدوای ڕۆحی خۆمدا
لەو ڕۆژەوە
هەموو ساڵێ
کەتەنیایی
چڕنووک لە ناخم گیردەکا
دەگەڕێمەوە هەمان شوێن
ئەویش لەوێ دەبێ بە باران و
نەرم نەرم بەسەرما دادەبارێ!
دەبێ بەپەڵەهەورێک و
لەقەد و باڵام دەئاڵێ
کاتێ مەراقێک دەمکوژێ
ئەو دەسووتێ
کاتێ کە ئەو دەبێت بەهەڵم
من وەکوو باران دەبارم
نازانم ئەو بووە بە من
یان من ئەوم؟
بەڵام گومانێکم نییە و
زۆر دڵنیام لەتی (ئەو)م!
ئەو ...
کوڕی بەفر و
منیش کچی ئاگر!